سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان
یەکێتی شێوەکارانی کوردستان

# 25 شێوەکار

ئامادەکردنی: بەختیار سەعید

ناوی کتێب: 25 شێوەکار
ئامادەکردنی: بەختیار سەعید
دیزاین: ئارام عەلی
تیراژ: 1000 دانە
چاپخانە: پیرەمێرد
چاپی یەکەم: 2013

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە ()ی ساڵی 2013ی پێدراوە

لە بڵاوکراوەکانی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان- یەکێتی شێوەکارانی کوردستان

سوپاس و وەفادریم بۆ بەڕێزان:

**سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان**
**یەکێتی شێوەکارانی کوردستان**
**کە ئەرکی چاپکردنی کوراسەکەیان لەئەستۆ گرت.**

شێوەکار لانە سیروان ئەرکی وەرگێڕانی بەشی زمانی ئینگلیزی لە ئەستۆ گرتوە

کاتێک بیر لەوە دەکرێتەوە میللەتێک لە ڕووی هونەرییەوە بناسین ئەوە ڕاستەوخۆ بەدوای ئەو سەرچاوە چاپکراوانەدا دەگەڕێن کە نموونەکانی هونەرمەندەکان و هونەری ئەو میللەتەی ئەرشیفکردووەو پارستوێتی لە فەوتان و بیکەینە سەرچاوە بۆ ئەو زانیارییانەی کە پێویستمانە، لەلایەکی تر هەر ئەو هۆکارەش دێتە پێشەوە ئەو سەرچاوە چاپکراوانەیە کە دەبێتە بەڵگەی ناساندنی هونەرمەندان و شێوازو قۆناغەکانی ئیشکردنی هونەرمەندانی ناو ئەو مییللەت و وڵاتە.

دیارە هەر لەم سۆنگەیەوە بووە کە بەردەوام کارەکانم بۆ ئەو بواری ئەرشیفکردنە تەرخانکردووەو ئەمەش دەبێتە یانزەیەمین هەوڵی چاپکراووم لەو بوارەدا، ئەم هەوڵە بەهاوکاری خۆشەویستانم لە سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان- یەکێتی شێوەکارانی کوردستان هاتۆتە بەردەستی ئێوەی ئازیز.

لەم هەوڵەمدا (25) شێوەکاری ئەزموون جیاوازو ستایلی جیاواز و دنیابینی کاری هونەری جیاوازم لەسەر ئاستی شارەکانی (سلێمانی، کەرکوک، هەولێر، دهۆک)م کۆکردۆتەوە کە نموونەیەکی کارەکانی باشوری کوردستانی لەخۆگرتووە، هیوادارم ئەم هەوڵەش جگە لە ئەرشیفکردنی کارو زانیاری لەسەر ئەم شێوەکارانە کورتەیەکی مێژووی هونەری شێوەکاری لەسەر ئاستی باشوری کوردستان بەهەردوو زمانی کوردی و ئینگلیزی لەخۆگرتووە، هیوادارم ئەم هەوڵە توانیبێتی سوودی بۆ خوێندکارانی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان و کۆلیژەکانی هونەرو ئەوانەی کەدەیانەوێت لێکۆڵینەوە لەسەر شێوەکاری کوردی دەکەن، یاخود ئەو خوێندکارانەی کە سەرقاڵی خوێندنی باڵان.

بەختیار سەعید
14/1/2013

## کورتەیەک لە مێژووی هونەری شێوەکاری لە باشوری کوردستاندا

گەر بمانەوێت بگەڕێینەوە بۆ چۆنێتی سەرهەڵدانی مێژووی هونەریی شێوەکاری لە باشوری کوردستاندا، ئەوە شاری سلێمانی و هەولێر زۆرترین بەشی ئەو مێژوەیەیان بەباڵا دەبڕێت، لەگەڵ ئەوەی شاری سلێمانی شارێکی نوێیەو لە ساڵی 1784 لەلایەن بابانەکانەوە دروستکراوە، بەڵام بۆتە شارێکی گرنگ و نوێکار لە زۆرێک لە بوارەکانی ژیانی ئەدەبی و سیاسی و هونەری و کۆمەڵایەتی، لەهەمانکاتدا بوونی ئەو بیناسازییە گرنگەی کە لە قەڵای هەولێردا بەدیدەکەین.

شێوەکار (حەمە کاکە) سەبارەت بە سەرەتای کاری شێوەکاری لە شاری سلێمانیدا دەڵێت (تەمەنی هونەری شێوەکاری لەشاری سلێمانی زیاتر لە 90 ساڵە، لەو دەمەدا کۆمەڵێک شێوەکاری ئێرانی هاتبوونە ناو شاری سلێمانی لەدوای گەڕانێکی زۆر لەناو شاردا بڕیاریاندا لەناو حەمامی سورەت کۆمەڵێک تابلۆی ڕەنگین بنەخشێنن کە گشت پێداویستییەکانیان لە ئێرانەوە لەگەڵ خۆیان هێنابوو، هەر ئەوەش بووە هۆکار کە خەڵکی ئەو شێوەکارانە بانگ بکەن تاکو تاق و پەنجەرەو بنمیچی ناو ماڵەکانیان بۆ ڕەنگ و بنەخشێنن). (1)




حەسەن فەلاح ١٩١٠ - ١٩٧٦    تابلۆی شەڕی دەربەندی بازیان

(عوسمان بەگ) ئەو ناوەیە کە سەرەتای مێژووی هونەری شێوەکاری لەشاری سلێمانی بەو دەستپێکردووە، عوسمان بەگ خەڵکی سلێمانییەو سەرەتاکانی کارکردنی ئەم شێوەکارە بۆ ساڵی 1900 دەگەڕێتەوەو زۆرێک لە نووسەرە عێراقی و عەرەبییەکانیش ئاماژەیان بەو سەرەتایە داوە لەوانە (جبرا ئیبراهیم جبرا) لە کتێبی (**الحرية و الطوفان**)دا دەڵێت لەسەرەتای ئەم سەدەیەدا واتا سەدەی بیستەمدا ئەفسەرێک هەبووە بەناوی عوسمان بەگ وێنەیی ئەو ئافرەتانەی کێشاوە کە سەردانی گڵکۆی مردووەکانیان دەکرد، ئەگەرچی هیچ تابلۆیەکی ئەم هونەرمەندە کوردە نەماوە، بەڵام تا ئێستا یادی ئەم هونەرمەندە هەر ماوەتەوە". (2)

لەدوای عوسمان بەگ لە شاری سلێمانی شێوەکارێک بەدەردەکەوێت بەناوی (حەسەن فەلاح) کە خاوەنی تابلۆی (شەڕی دەربەندی بازیان)ەو بە کۆنترین تابلۆی ئەژمار کراوە کە مێژووەکەی بۆ ساڵی 1919 دەگەڕێتەوە، ئەم شێوەکارە بە پێچەوانەی زۆرێک لە نیگارکێشە کوردەکانەوە کە نیگاریکێشاوە لە قاچەوە دەستیپێکردووە کە ئەوەش شێوازێک بووە لە هونەری پەیکەسازیدا هەیە نەک لە نیگارکێشاندا، هەروەها بەشێکی زۆری تابلۆکانی ئەم شێوەکارە لەنێوان ساڵانی 1976-1910 لەسەر دیواری چایخانەکانی ئەو کاتەی سلێمانی نەخشاندوێتی، لە بۆیەی ڕۆنی عادییەوە تا دەگاتە ڕەنگی زەیتی هونەریی بەرهەمی هەبووە، حەسەن فەلاح ڕەسمی کردووەو ئەو بۆیانەی کە هێنابووی بۆیە بوو بۆدرە بوو لە کاغەزدا دەیهێنا، وەکو ئەو بۆیانەی کە لە کۆنەوە لە قەفقاسەوە دەهات بۆ نەخش و ڕەسمی سەر دیواری ماڵە کۆنەکان، هەروەها لەگەڵ عەزیز سەلیم و دانیال قەساب کاریکردووەو پیشانگەیان پێکەوە کردۆتەوە، تەنانەت لەو دەمەی فەرەنسیەکان سەرقاڵی دروستکردنی بەنداوی دوکانو دەرەبەندیخان بوون (حەسەن

فەلاح)ماکێتی بەنداوەکەی بۆ دروستکردن.(3)

(حسین حوزنی موکریانی 1890-1947 ) ئەو کەسایەتییە کە ناتوانرێت بە گرنگییەوە باس نەکرێت، توانیوێتی دنیایەکی تایبەت لەناو باشوری کوردستان بۆ خۆی پاوان بکات لەگەڵ ئەوەی کە خۆی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هاتبوو، ئەو یەکەمین کەسە لەباشوری کوردستاندا هونەری گرافیکی کردووە، واتا هونەری گرافیک لە باشوری کوردستان بە حسین حوزنی موکریانی دەستپێدەکات، لەو دەمەی کە کتێبی (خونچەی بەهارستان) لە ساڵی 1925 بڵاودەکاتەوە زیاتر لە بیست نیگاری تێدایە کە لەلایەن موکریانی خۆیەوە کێشراوە، هەروەها خاوەنی یەکەمین کتێبی هونەرییە کە باس لەهونەری کۆڵین و هونەری فۆتۆگرافی بێت بەناوی (وێنەگری و کۆڵین) لەساڵی 1934دا بڵاودەکاتەوەو دەبێتە یەکەمین سەرچاوە کە زاراوەی هونەری تێدا بێت و دواتر بەکاربهێنرێتەوە لەوانە (وێنەگری،





حسێن حوزنی موکریانی

زەنگۆگراف، فۆتۆگراف، ئالەتی نیگارکێشان، فەنەر،مەرەکەبی تەڕ، لیتۆگرافی، ...هتد)، هەروەها هەموو بابەتەکانی بە وێنەی گونجاو ڕوونکردۆتەوە، لەهەمانکاتدا لە (زاری کرمانجی) کە گۆڤارێکی کۆمەڵایەتی مێژوویی هونەری مانگانە بووە بەرگی گۆڤارەکەو زۆرێک لە وێنەکانی ناوەوە لەلایەن خۆیەوە کێشراوە.(4)





تابۆی ئیبراهیم ئاغای عەلی دەزەیی

دانیال قەساب 1913-2000

(دانیال قەساب2000-1913) ئەو شێوەکارە دەستڕەنگینەی شاری هەولێرە کە لەڕووی ئاینەوە جولەکە بوون، ئەم شێوەکارە چ وەکو مامۆستای هونەر لە قوتابخانەکانی شاری هەولێردا ڕۆڵی هەبووەو خوێندکارەکانی پێکهاتوون لەوانە (جاپیر پیرداود، جەواد رەسوڵ، ناجی فوئاد، دڵداری شاعیر)، لەهەمانکاتدا یەکێک بووە لەو شێوەکارانەی کە لە پانتاییەکی فروانتر لەشاری هەولێر کاری کردووە بۆ نموونە لە ساڵی 1941 چۆتە بەغداو لەگەڵ گروپی (**اصدقاء الفن**) و لە هۆڵی کۆمەڵەی مانگی سور لە بەغدا کارەکانی نمایش دەکات لەگەڵ ئەوەی شێوەکارێکی خۆڕسک بووە، ساڵی 1948 دەبێتە مامۆستای پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی بەغداو لەناوەڕاستی پەنجاکاندا نەفیکراوەتەوە بۆ ئیسرائیل، (5)

ئەم هونەرمەندە لە خۆڕسکییەوە بۆتە شێوەکارێکی ئەکادیمی لەدوای ئەوەی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان تەواو دەکات و یەکێک بووە لەو شێوەکارانەی کە دیکۆری زۆرێک لە شانۆییەکانی شاری هەولێری کێشاوە، ناودارترین تابلۆکانی پێکهاتوون لە (قەڵای هەولێر، ئاغای گوندی عوبیدی، منارەی چولی، ئیبراهیم ئاغای عەلی دزەیی).





تابلۆی سەرچنار (زەیت لەسەر فایبەر 32-44سم)      عەزیز سەلیم (1915-2003)

(عەزیز سەلیم 2003-1915) ئەو شێوەکارە خۆڕسکە بووە کە یەکەمین پیشانگەی تایبەتی خۆی لە گۆڕستانی شێخ جەحفەر لە خوار زانکۆی سلێمانی کردۆتەوە کە ژمارەی تابلۆ نمایشکراوەکان 12 تابلۆ بووە، دووەمین پیشانگەی لە ساڵی 1934 لە قوتابخانەی گەلاوێژ لە سلێمانی کردۆتەوە، هەروەها یەکەمین پیشانگەی شێوەکاری لەشاری کەرکوک لەلایەن ئەم شێوەکارەوە کراوەتەوەو یەکێکە لەو شێوەکارانەی کە گرنگی بە سروشت و پرۆترێت بەشێوەیەکی گشتی داوەو زەیتی ئەو ماتریالە بووە کە زۆرترین کارەکانی پێنەخشاندووە لەکارە پرۆترێتییەکانی (حەپسەخانی نەقیب، شێخ مەحمودی حەفید، شێخ جەلالی حەفید، پیرەمێرد....هتد)، هەروەها لە سروشتدا خاوەنی چەندین تابلۆیە لەوانە (شەقڵاوە، سەرچنار)، هەروەها کارەکانی زۆرێک لەو ساتەنەوە نەخشێنراوە کە هونەرمەند خۆی تیایدا ژیاوە.

ساڵی 1947 شێوەکارێک بەناوی (شێخ مستەفا بەرزنجی) لە سلێمانی بەدەردەوێت و پاشان هەریەکە لە ئازاد شەوقی و عومەری عەلی ئەمین و قادر کوردی دەناسرێن وەکو شێوەکارێک.

شێوەکار (حەمە کاکە) دەربارەی چۆنێتی نیشاندانی تابلۆی شێوەکارانی سلێمانی دەڵێت (لە ناو شاری سلێمانیدا (باخی میللی) هەبووە کە لە بەرامبەر مزگەوتی گەورەدا بوو، هونەرمەندەکان تیایدا کۆدەبوونەوە بەرهەمەکانی خۆیان تیایدا نیشانی یەکتری دەدەن، لە هەمانکاتیشدا نمایشی بەرهەمەکانیشی تیادا دەکرا، کە ئامادەبووان دەهاتن بۆ بینینی ئەو بەرهەمانە، یاخود بەناو هەندێک لە هۆڵـی خوێندنگاکاندا نمایشدەکرا لەوانە (ناوەندی سلێمانی)، بەڵام لە ساڵـی 1950 دا یەکەم پێشانگە کە دەکرێت بە یەکەم پێشانگەی ناو شاری سلێمانی بژمێردرێت کە لەناو (ناوەندی کچان) نمایشکرا کە لەسەروی مزگەوتی گەورەوە بوو، بەرهەمەکانی مامۆستایانان و خوێندکارەکانی لە خۆگرتبوو کە بینەرێکی زۆر رووی لەو پێشانگایە کرد کە (10) رۆژی خایاند). (6)

 

بەدیع باباجان-1996-1923 یەکێك لە پۆرترێتەکانی شاعیران کە لەلایەن بەدیع باباجان-ەوە کێشراوە (مەجنی لە کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی)

(بەدیع باباجان1996-1923-) یەکەمین خوێندکاری کورد بووە کەلە ساڵی 1945 چۆتە بەغدا تاکو هونەری شێوەکاری بەشێوەیەکی ئەکادیمی بخوێنێت، ئەم هونەرمەندە جگە لەوەی خاوەنی چەندین هێڵکای دانسقەو تایبەت کە بۆتە مێژوویەکی گرنگ کە هێڵکاری بۆ شاعیرە کلاسیکییەکانی کورد کێشاوە لەوانە (نالی، سالم، کوردی، حەریق، حاجی قادری کۆیی..هتد) هەروەها درووستکەری دراوی ئاسنی عێراقییە لەوانە (5 فلس، 10 فلس، 25 فلس، 50 فلس، 100 فلس، 1 دینار) هەروەها درووستکەری ژمارەیەکی زۆری بەرگی کتێبە هونەری و ئەدەبیەکانی هونەرمەندان و ئەدیبانی کوردو عێراقییە، هەروەها یەکێک بووە لەو هونەرمەندانەی کە نەخشێنەری لۆگۆی زۆرێک لە ڕێکخراوە ئەدەبی و هونەری و مەدەنییەکانە لەوانە لۆگۆی یەکێتی نووسەرانی کورد لە ساڵی 1970دامەزراوە، هەروەها بەداوای ڕەسمی وەزارەتی دارایی عیراقی داوای لێکراوە کە بیتاقەی یانسیب بۆ هەموو عیراق بنەخشێنێت، هەروەها بە ئیفاد لەلایەن حکومەتی عیراقییەوە نێردراوە لە سویسرا خولی هونەری بینیووەو دواتر هاتۆتەوە لەدائیرەی مەساحە العامە لە بەغدا دامەزراوە.



خالید سەعید – زەیت 17x24.5



دوای بەدیع باباجان هونەرمەندانی تر وەکو (خالید سەعید، ئازاد شەوقی) لە بەغدا خوێندوویانە، خالید سەعید ساڵی 1953 چۆتە پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی بەغدا، هەر لەو ساڵانەدا هەریەک لە محەمەد عارف- سلێمان شاکیر، هاتبوونە پەیمانگە بۆ خوێندنی هونەر، خالید سەعید لەساڵی 1958 بە ئیفاد نێردراوە بۆ ئیتاڵیا تاکو دیکۆری تەلەفزیۆنی بخوێنێت، خالید سەعید دیکۆر دەخوێنێت، لەو کاتەدا ژمارەیەک هونەرمەندی عێراقیان لەگەڵدا بووە لەوانە (محەمەد غەنی، سادق رەبیع، غانم ماهر) و لەساڵی 1964 گەڕاوەتەوە بۆ عیراق و لە تەلەفزیۆنی بەغدا دامەزراوە وەکو دیکۆریستێک لەنێوان لەساڵی (1987-1964) لە تەلەفزیۆنی بەغدا کاریکردووە، لەناوەڕاستی ساڵی 1965دا بە ئیفادێکی تر چووە بۆ ئەڵمانیای دیموکرات تاکو دیکۆر بخوێننێت و دوای ساڵ و نیوێک توانی بڕوانامەی (ئارت دایرکشن) بەدەست دەهێنێت و دەگەڕێتەوە بۆ عیراق و دوای دوو ساڵی تر بە ئیفاد دەینێرن بۆ دامەزراندنی تەلەفزیۆنی لیبیاو ئەو سەردانەم ساڵ و نیوێکی خایاند، کاریگەری سروشتی کوردستان هۆکارێکی گرنگی ئیلهامی کارەکانی خالید سەعید بووە.




ئازاد شەوقی (1930-2002)

ئازاد شەوقی یەکێکی ترە لەو شێوەکارانەی شاری سلێمانی لەساڵی 1929 لەدایکبووەو ساڵی 1953 چۆتە پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی بەغداو مامۆستایان مامۆستاکانی (فائق حسن و اسماعیل الشیخلی و عەتا سەبری و فەرەج عبو) بووە، ڕۆژی (21/11/1955) لە سلێمانی بۆتە مامۆستای هونەرو هەر لەو ساڵەدا هاوڕێی هونەرمەند خالید سەعید کە لەدەورەی خۆم بوو پێکەوە دیکۆری شانۆنامەی (پیسکەی تەڕپیر) یان ئامادەکردوە. (7)
ئەوەی جێگەی سەرنجە زۆرێک لەو شێوەکارانە خۆڕسک بوون و سەرەتاکانیش هەر بەوان دەستپێکردووە لەوانە (حەسەن فەلاح، عەزیز سەلیم، حسین حوزنی موکریانی، ئەنوەر توفی، جەمال بەختیار) بەڵام لەڕێگەی کارە خۆڕسکەکانیانەوە توانیویانە ببنە بەشێکی گرنگی ناو مێژووی شێوەکاری لە باشوری کوردستاندا.




ئەنوەر سینۆ تووفی
١٩٢٧ - ١٩٩٤

لەناو شاری هەولێر جگە لە شێوەکار (دانیال قەساب) ژمارەیەک شێوەکاری تر هۆکار بوون بۆ گەشەسەندوێتی ئەم هونەرە لەو شارەدا لەوانە (جەواد رەسوڵ ناجی، ئەسکەندەر جامباز، مونیر قەساب، سلێمان شاکیر،محەمەد عارف).

مێژووی هونەری شێوەکاری لەشاری کەرکوک بۆ ساڵی 1943 دەگەڕێتەوە کە شێوەکار (عەزیز سەلیم) پیشانگەیەکی لە چایخانەی (یەدوڵڵا) کردۆتەوە، دواتریش کۆمەڵێک شێوەکار بوونەتە سیمایەک بۆ ئەم شارە لەوانە (ئەحمەد کاکە سور، مدحەت کاکەیی، ئاری بابان، غازی محەمەد، گارا رەسوڵ)، بەهەمان شێوە مێژووی هونەری شێوەکاری لە شاری دهۆک بۆ ناوەڕاستی شەستەکان و سەرەتاکانی ساڵانی حەفتاکان دەگەڕێتەوە کە شێوەکاران (ئەحمەد جومعە، کەمال ملکی، قەدری حەیران).

بەڵام سەرەتای ساڵانی هەشتاکان کە بەقۆناغی دەستپێکردنی هونەری شێوەکاریی لەشاری دهۆک دابنرێت، لەو قۆناغەدا ژمارەیەک خوێندکار بەمەبەستی خوێندنی هونەر ڕوویان کردە ئەکادمیای بەغدا، هەروەها پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی، هەروەها پەیمانگەی هونەرجوانەکانی موسڵ، لەوانە خوێندکاران (رەشید عەلی، عەدنان شینۆ، عەبدولرەحمان وەحید کلحو، ستار عەلی، سلێمان عەلی، فازل یوسف، فەهمی باڵایی، ئیسماعیل عزام، گوهدار سەلاح الدین، حەمید شەریف، شەهید سەلمان، محەمەد ئیبراهیم بەرواری، عماد عەلی تاهیر، سیروان شاکیر) و بوونەتە ڕووکاری ئەم هونەرە لە شاری دهۆکدا، لەهەمانکاتدا شێوەکارانی وەکو (سەعدالدین سەعید باتەیی) نموونەیەکی تری گەشاوەیی هونەری ئەو شارە بووە.



ئەحمەد کاکە سور- کەرکوک

ساڵی 1980 پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی دامەزراوەو هۆکارێکی گرنگی گەشەکردنی هونەری شێوەکاری بووە لە باشوری کوردستاندا، هەروەها بوونی چالاکی قوتابخانەکان هۆکارێکی تری گەشەکردن بووە، دواتر کۆلیژی هونەر لە شارەکانی سلێمانی و هەولێر دەکرێتەوەو دەبێتە هەنگاوێکی تر بۆ پەرەپێدان بە هونەری شێوەکاری بەشێوەیەکی ئەکادیمی و دواتر لە ساڵی 2005 وەوە بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە بواری هونەری شێوەکاریدا لە زانکۆی سلێمانی دەکرێتەوەو تا کۆتایی ساڵی 2011 زیاتر لە 20 خوێندکار بڕوانامەی ماستەرو پێنج خوێندکار بڕوانامەی دکتۆرایان بەدەستهێناوە، لەشاری هەولێر کۆلیژی هونەر لەساڵی 2004 دامەزراوەو 5 خوێندکار توانیویانە ئەو بڕوانامەی ماستەر بەدەست بهێنن.



دارا حەمە سەعید، پەیکەر (40-40) سم

لەسلێمانی جیاواز لە شارەکانی تر درووستبوونی گروپ و کۆمەڵەی هونەرییەکان، هەر لەسەرەتای ڕاپەڕینەوە دەستپێکردووە لەوانە (کۆمەڵەی هەشت) 12/12/ 1991، (گروپی هاوڕیانی شێوەکار) 24/9/1993، (گروپی گزنگ ) 1992، گروپی (دەستەی تەم) 1993، گروپی (شێوەکارانی سەربەست)

20/8/1999، هەروەها ساڵی 1999 گروپێکی کچانی شێوەکار لە سلێمانی درووست بوو بەناوی (پێنج کچە هونەرمەند) کە پێکهاتبوون لە شێوەکاران (ساکار فارووق، دالیا موراد، شیلان جەبار، تارا خالید، شوعلە سلێمان) لە ڕۆژانی 16-12/ 2/1999 لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی یەکەمین پیشانگایان کرایەوە،هەروەها دامەزراندنی گروپی نەورەست لەشاری هەولێر لە ساڵی ٢٠٠٠ دا.



سەروەت سەوز



ڕێبوەر سەعید

گەر هەر لەیەکەمین ئەو هونەرمەندانەی کە چوونەتە دەرەوە بۆ خوێندن دەست پێبکەین کە بە هونەرمەندان (بەدیع باباجان و خالید سەعید) و پاشان (جەمال بەختیار وعەزیز سەلیم) دەست پێدەکات و دوای گەڕانەوەیان بۆ کوردستان توانیوویانە کاریگەرییەکیان هەبێت، لەهەمانکاتدا ئەزموونێکیان هێناوەتەوە کە پێشتر لە ناو شارەکانی کوردستان ئاشنا نەبوون پێی.
دواتریش بەشداری کاری هونەرمەندانی کورد لە پیشانگەکانی دەرەوەدا بۆخۆی ئەزموونێکی گەورە بووە لەوانە کارەکانی (لالە عەبدە، عەتا قەزاز، سمکۆ تۆفیق، ئاسۆ سدیق، محەمەد عارف، گارا، ڕێبوار سەعید، وشیار سەعید، بەختیار سور، ڕێناس، بەهادین، عەونی سامی، عەدنان شینۆ، بەختیار مستەفا، ڕەمزی قوتبەدین، وەلید سیتی، هیوا عەبدوڵلا، عەلی لەتیف، ئیسماعیل خەیات، ئاشنا عەبدوڵلا، ئازاد نانەکەلی، دارا حەمە سەعی، دارا ئارام، دارۆ، کوێستان جەمال، مەریوان جەلال، نەهرۆ شەوقی، سالار مەجید، عەبدوڵلا ڕەسوڵ، عوسمان قادر، قەرەنی جەمیل، ڕێبوار خالید، ڕۆژگار مەحمود، شوعلە سلێمان).
گەڕانەوی ئەم هونەرمەندانەو خوێندنی هونەر بەو شێوە پێشکەوتووەی ئەوروپاو هێنانەوەی ئەو زانیاریانە بۆ کوردستان بەدڵنیایی کاریگەرییەکی زۆر باشی بەجێهێشتووەو توانیوێتی هاوسەنگییەکی زۆر باش لەنێوان ئەو ئەزموونانەو ئەزموونی نوێ بەدەربکەوێت، ئەو دیاریدەیە بەتایبەت لەناو پەیمانگەو کۆلیژی هونەری شارەکاندا بەزەقی بەدەردەکەوێت و تەنانەت هەندێک لەو مامۆستایانەی کە ئەو هەلی سەفەروەو خوێندنەیان بۆ نەڕەخساوە کەمتر بوار بەو کەسە ئەکادمیایانە دەدەن کار بکەن و ئەو ئەزموونەی خۆیان لە کوردستان بڵاوبکەنەوە.
یەکێکی تر لەو تایبەتمەندیانەی کە لەسەرەتای ڕاپەڕینەوە لەشاری سلێمانی درووست بووە بوونی کۆمەڵەو گروپی هونەری و گەلەری و ڕێکخراوی هونەرمەندان بووە، بۆ نموونە لە ساڵی 1983وە ڕێکخراوی هونەرمەندانی کوردستان لە شاخ درووست ببوو، دواتر کاری ئەم ڕێکخراوە لەناو شارەکاندا درێژەی هەبوو، هەروەها درووستبوونی گەلەرییەکانی (سالار مەجید، زاموا) لەساڵی 2005دا، گەلەری سلێمانی 1995، گەلەری ئەمنە سورەکە 2003، گەلەری ئارام 2004، گەلەری سەردەم 2006، هەروەها درووستبونی (کۆمەڵەی هەشت) 1991 ئەندامەکانی سەرەتای پێکهاتبوون لە (هاوڕێ ئەنوەر، بەختیار قەفتان، ئاراز حەمە، کەمال عەلی، خەسرەو حسین، محەمەد فەتاح، سوعاد ستار)، و دوای یەکەمین نمایش ئاکۆ غەریب هاتە شوێنی کەمال عەلی و لەو تەمەندا توانین


جەزا بەکر


وەهبی ڕەسوڵ

(5) نمایشیان هەبێت لە سلێمانی و هەولێرو هۆک، گروپی (گزنگ) لە ساڵی 1992لە شاری سلێمانی دامەزراوەو ئەندامانی امەزرێنەری پێکهاتبوون لە (دڵشاد عەلی، شکۆ عەلی، بەکر، محەمەد نەورەس، هاوڕێ محەمەد)، دواتر گروپی (دەستەی تەم) لەساڵی 1993دامەزراوە دەستەی دامەزرێنەری پێکهاتبوون لە (سامانە ڕەش، سەربەست عومەر)و دواتریش (بەهادینی شێخ کەریم، وریا نەجمەدین، فاتیمە ئاخجەلەری، محەمەد ئیسماعیل)بوونەتە ئەندامی گروپەکە، لە ساڵی 1998دا گروپی (شێوەکارانی سەربەست) لە سلێمانی دامەزراو ئەندامانی ئەم گروپی پێکهاتبوو لە (بەهادین مەحمود، جەبار سابیر، سامان عەبدولخالق، چنار عەبدولخالق، روناک عوسمان، تۆفیق محەمەد، تەها عومەر، هاوار مەجید، هیوا سەعید). (8)
هەروەها دروستبوونی گروپی کچانی شێوەکار لەناو شاری سلێمانی یەکێک بوو لەو دیاردانەی کە تایبەتمەندێتی بەخشیبووە کاری ژنانی شێوەکار لەم شارەدا کە سەرەتا بە کردنەوەی پیشانگەی خانمانی شێوەکار دەستپێکرد کە بیرۆکەی شێوەکار (محەمەد فەتاح) بوو لە بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری سلێمانی کە هەموو ساڵێک لە ڕۆژی 8ی مارس ڕۆژی جیهانی ژناندا پیشانگەیان دەکردەوە، دواتر لەساڵی 1999 (پێنج کچە شێوەکار) درووست بوو لەشێوەی گروپ کە هەریەک لە شێوەکاران (ساکار فاروق، دالیا موراد، شیلان جەبار، تارا خالید، شوعلە سلێمان)و توانیان سێ پیشانگە لە ساڵەکانی (1999-2000-2001)، دواتریش لە ساڵی (گروپی گوڵە بەڕۆژەکان) درووست بوو کە ئەندامانی ئەم گروپە پێکهاتبوون لە (ساکار فاروق، دالیا موراد، شیلان جەبار، تارا خالید، شوعلە سلێمان) ئەم گروپە دوو پیشانگەیان لەدەرەوەی کوردستان کردۆتەوە. (9)
ساڵی 1995 لەشاری هەولێر (گەلەری ئەربیلا) کرایەوەو بۆ ماوەی سێ ساڵ تەمەنی کارکردنی هەبوو، هەروەها لە ساڵی 2007دا (گەلەری ڕۆژ)لەلایەن شێوەکار (نامیق عەلی)ەوە کرایەوە، لەساڵی 1989دا لەگەڵ شێوەکار (بورهان سابیر) لەناو قەڵای هەولێر (گەلەری ئاری)یان کردەوە، هەروەها لە ساڵی 1999 گەلەری کوردستان کرایەوە، لەساڵی 2004دا گەلەری کۆیە کرایەوەو شێوەکار (حەمە هاشم) سەرپەرشتی دەکرد، هەروەها لەساڵی 1989دا لەشاری دهۆک (گەلەری دهۆک) دامەزرێنرا.

سەرچاوەکان.


1-بەختیار سەعید (دنیا بینییەکانی هونەری شێوەکاری کوردی) بەشی یەکەم 2004لا 4.

2-جبرا ئیبراهیم جەبرا (الحرية و الطوفان).

3-دیداری (حاجی ئەحمەد عەلی) لە ڕۆژی 7/6/1992 لەلایەن شێوەکار (خالید ڕەسوڵ)ەوە سازکراوە کە حەسەن فەلاح لەناو چایخانەکەی ئەودا ڕەسمی کردووە.

4-بەختیار سەعید (دنیا بینییەکانی هونەری شێوەکاری کوردی) بەشی دووەم 2005 لا 65.

5-فەرهاد پیربال (پێشەنگەکانی هونەری شێوەکاری لە کوردستاندا) 2010لا 70.

6-بەختیار سەعید (دنیا بینییەکانی هونەری شێوەکاری کوردی) بەشی یەکەم 2004لا 5.

7- دیداری شێوەکار (خالید سەعید) لەلایەن (خالید رەسوڵ) بە کامێرای ڤیدیۆ لە29/8/1991.

8- بەختیار سەعید (دنیا بینییەکانی هونەری شێوەکاری کوردی) بەشی یەکەم 2004لا 101.

9- بەختیار سەعید (ژنانی شێوەکار لەباشوری کوردستان) 2011لا 15.



Ari Baban

ئاری بابان

1953 لەکەرکوک لەدایکبووە.
1976 کۆلیجی ئەدەبیات- بەشی زانستی کتیبخانەکانی تەواوکردووە.
1972 یەکەمین پیشانگەی تایبەتی لە کەرکوک کردۆتەوە.
تا ئێستا خاوەنی هەشت پیشانگەی تایبەتییە.
1972-2012بەشداری زیاتر لە (110) پیشانگەی هاوبەشی
کرووە لە شارە کانی (سلیمانی، کەرکوک، هەولێر، دهوک،
لەندەن،ئەڵمانیا، هۆڵندا، فنلەندا).
ئێستا بەڕێوەبەری کتێبخانەی گشتی سلێمانییە.

aribaban.webs.com
aribaban2002@yahoo.com E-mail







65x100 cm Acrylic on canvas



60x100 cm Acrylic on canvas



Aram Ali



ئارام عەلی
خاوەنی (گەلەری ئارام)



80x200 cm Acrylic on canvas



120X200 cm Acrylic on canvas





120x200 cm Acrylic on canvas



Aryan Abubakr

ئاریان ئەبو بەکر عەلی

1984 لە سلێمانی لە دایکبووە
2007-2008 پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی- بەشی (وێنەکێشان)ی تەواوکردووە.
2011-2012 کۆلێژی هونەر بەشی وێنەکێشانی لە زانکۆی سلێمانی تەواوکردووە
2003 یەکەمین پیشانگەی تایبەتی لە گەلەری پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی.
2008 دووەمین پیشانگەی تایبەتی لە گەلەری مۆزەخانەی سلێمانی
2011 سێیەمین پێشانگەی تایبەتی لە گەلەری مۆزەخانەی سلێمانی.
2012 چوارەمین پیشانگەی تایبەتی کۆکردنەوەو نمایشکردنی کارە هونەرییەکان لە کۆلیجی هونەر.
2012 پێنجەمین پیشانگەی تایبەتی لە دەربەندیخان لە بەڕێوەبەرایەتی چالاکی و هونەری دەربەندیخان.

پیشانگە هاوبەشەکان:
2008- بەشداری (40)پیشانگەی هاوبەشی کردووە لە (سلێمانی – هەولێر – دهۆک – رانیە – هەڵەبجە).

aryan_abubakr@yahoo.com



aryan abubakr
mixed media on canvas
60cm \ 62cm
year 2011



aryan abubakr
mixed media 2011
100cm / 80cm





Aryan Abubakr
mixed media on canvas 2012
3050cm/180cm

چیمەن اسماعیل رەشان

لە ساڵی 1966 لە سلیمانی لە دایک بووە.
لە ساڵی 1988ئە کادیمیەی هونەرە جوانەکانی بەغداد
بەشی وینە کێشانی تەواو کردووە.

پێشانگای تایبەتی :

1992 یەکەمین پێشانگە لە ژێر ناونیشانی (سیمفۆنیای
رەنگ) –سلێمانی.
1993 دوەمین پێشانگە لە شاری نۆرمبێرگ- ئەڵمانیا .
1994 سێیەمین پێشانگە –سلێمانی, هەولێر.
1997 چوارەمین پێشانگە –گەلەری زاموا –سلیمانی.
1998 پێنجەمین پێشانگە لە ژێر ناونیشانی ( خوایە وەتەن
ئاوا کەیت) سلێمانی .
2001 شەشەمین پێشانگە تایبەت بە ئەنفال بۆ شانۆگەری
(گۆرستانیکی بێ گۆر) هۆنراوەی شاعیر (قوبادی جەلی
زادە) و دەرهێنانی هونەرمەند (حسێن میسری).
2001 حەوتەمین پێشانگە –سلێمانی .
2006 هەشتەمین پێشانگە –گەلەری سەردەم –سلێمانی .
2010 نوەیەمین پێشانگە لە رۆژی ڤالانتایندا بۆ هونەرمەند
(حسێن میسری ).
2011 دەیەمین پێشانگە لە –هەولێر


Chiman Esmael

پێشانگای هاوبەشی :
2009-1983 بەشداری زیاتر لە 35 پێشانگا دا کردوە
لە سلێمانی , هەولێر.
2011 پێشانگای هاوبەشی لە گەڵ هونەرمەند (ئاری
بابان) لە رۆژی ڤالانتایندا بۆ هونەرمەند (حسێن میسری )
کردوە.

پێشانگای دەرەوەی ولات:
1992 پێشانگای هونەرمەندانی کورد –ئەڵمانیا, تابلۆکەی کراوەتە پۆستەری پێشانگاکە.
1993 پێشانگای هەشت هونەرمەندی کورد –پاریس, تابلۆکەی کراوەتە پۆستەری پێشانگاکە.
1994 کۆمەڵی هونەرمەندی کورد – تۆرنتۆ| کەنەدا.
1995 پێشانگەی هونەرمەندانی نەتەوە چەوساوەکان- نیۆیۆرک.
1996 کۆمەڵی هونەرمەندی کورد-لەندەن.
1996 فێستیڤاڵی هونەرمەندانی عێراق- هۆڵەندا.
1998 پێشانگاەی (15) هونەرمەندی کورد-تۆکیۆ, دوو تابلۆی کراوەتە کارتی سەری ساڵ.
1999 (گالا) کۆریای باشوور.
2002 (گالا) یابان.
2002 کۆریای باشوور.





120x100 oil on canvas 1997



150x150 oil on canvas 1994





oil on kanvas 1997 130-100



Hamid Jamil

حەمید جەمال

1954- لەشەقڵاوە لەدایکبووە.
1997 دبلۆمی بەڕێوەبردنی لەزانکۆی موستەنسرییە وەرگرتووە.
1992 یەکەمین پیشانگەی تایبەتی لەهۆڵی (میدیا)ی شاری هەولێر.
1993 دووەمین پیشانگەی تایبەتی لەدانیمارک شاری (تیستد).
1994 سێیەمین پیشانگەی تایبەتی لەهۆڵی (میدیا)ی شاری هەولێر.
1997 چوارەمین پیشانگەی تایبەتی لەهۆڵی (میدیا)ی شاری هەولێر.
1997 پێنجەمین پیشانگەی تایبەتی لەهۆڵی (شەهید سەلمان)ی شاری دهۆک.
2000 شەشەمین پیشانگەی تایبەتی لەهۆڵی (گەلەری کوردستان)ی شاری هەولێر.
2002 حەوتەمین پیشانگەی تایبەتی لەهۆڵی (مۆزەخانە)ی شاری سلێمانی.
2008 هەشتەمین پیشانگەی تایبەتی هۆڵی کوردستان- هەولێر.
2009 نۆیەمین پیشانگەی تایبەتی لە La Ferme d'en Haut شاری لیل- فەرەنسا.
1972- 2011 بەشداری زۆربەی پیشانگە هاوبەشەکانی کردووە.
1998 گەلەری کوردستانی دامەزراندووە لەناو قەڵای هەولێر.
2003 2011 بەڕێوبەری هونەری گۆڤاری شێوەکارییە.





sacks-water tornado mixed media on bord 205x120x12cm 2008



lilsh temple-mixed media
-200x176x12cm--2006-



lilsh temple-mixed media
-200x176x12cm--2006


Hoshyar Saeed

هوشیار سەعید

1971-لە سلێمانی لەدایک بووە.

2002 ئەکادیمیای (ریدفێلد)ی لەئەمستردام-هۆڵندا تەواوکردووە.

1978 یەکەمین پیشانگەی تایبەتی گەلەری مۆزەخانەی شاری سلێمانی.

1992 دووەمین پیشانگەی تایبەتی هۆڵی عەلی ناجی دیمەشق- سوریا.

1995 سێیەمین پیشانگەی تایبەتی گەلەری (سپێس) لەندەن.

1996 چوارەمین پیشانگەی تایبەتی گەلەری ئارت ئین پرۆگرێسیس ئەمستردام-هۆڵندا.

1997 پێنجەمین پیشانگەی تایبەتی گەلەری فربیتی ئەمستردام-هۆڵندا.

1997 شەشەمین پیشانگەی تایبەتی گەلەری ئاربو رەینوم (رەینسن) هۆڵندا.

1997 حەوتەمین پیشانگەی تایبەتی گەلەری زاموا.

1998 هەشتەمین پیشانگەی تایبەتی گەلەری فربیتی ئەمستردام-هۆڵندا.

1999 نۆیەمین پیشانگەی تایبەتی گەلەری کۆمەڵەی هونەرەجوانەکان- سلێمانی.

1999 دەیەمین پیشانگەی تایبەتی گەلەری فرێدباک (بۆرنە) هۆڵندا.

1999 یانزەمین پیشانگەی تایبەتی گەلەری رۆدۆلف ئەمستردام-هۆڵندا.

2000 دوانزەمین پیشانگەی تایبەتی گەلەری کونست مۆندیال (ماسترێخت) هۆڵندا.

2001 سیانزەمین پیشانگەی تایبەتی گەلەری فرێدباکەر (بۆرنە)هۆڵندا.

2001 چواردەمین پیشانگەی تایبەتی گەلەری شخرۆدەر (دانهاخ)هۆڵندا.

2002 پانزەمین پیشانگەی تایبەتی گەلەری شخرۆدەر (دانهاخ)هۆڵندا.

2002 دروستکردنی مۆنۆمینتی ئازادی (سیچبەری خۆشەویستی) کۆڵۆمبیا.

2004 شانزەمین پیشانگەی تایبەتی گەلەری فەن دستراتین (ئەمستردام) هۆڵندا.

2004 حەڤدەمین پیشانگەی تایبەتی لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی.

2004 هەژدەمین پیشانگەی تایبەتی لە گەلەری (aatschapp Arti et Amicitiac-Aidam) ئەمستردام.

2005 نۆزدەمین پیشانگەی تایبەتی لە گەلەری (udolf VR) ئەمستردام.

2005 بیستەمین پیشانگەی تایبەتی لە گەلەری (red Bakkerf) لە ئەمستردام.

2005 بیست و یەکەمین پیشانگەی تایبەتی لە گەلەری (red Bakkerf) لە ئەمستردام.

2005 بیست و دووەمین پیشانگەی تایبەتی لە گەلەری (alon op90s) لەشاری ئەنشخێ- هۆڵندا.

2006 بیست و سێیەمین پیشانگەی تایبەتی لە گەلەری (nneeA) لەشاری هارلێم- هۆڵندا.

2006 بیست و چوارەمین پیشانگەی تایبەتی لە گەلەری (udolf VR) لە ئەمستردام.

2006 بیست و پێنجەمین پیشانگەی تایبەتی لە گەلەری (ijchoven) لەشاری دیین هایم.

2007 بیست و شەشەمین پیشانگەی تایبەتی لە گەلەری (alon op90S) لەشاری ئەنشخێ.

2007 بیست و حەوتەمین پیشانگەی تایبەتی لە گەلەری (an en Rika de valkj) لەشاری هارلێم.

2009 بیست و هەشتەمین پیشانگەی تایەتی لە گەلەری (s21k) لەشاری توترێخت.

2010 بیست و نۆیەمین پیشانگەی تایبەتی لە گەلەری (B cmster Art Centre) لە ئەمستردام.

2010 پرۆژەی (حەوت رەنگە) بۆ پارکی (Gerdrandypark).

1987–2013 بەشداری زیاتر لە (36) پیشانگەی هاوبەشی کردووە لە (سلێمانی، هەولێر، دهۆک، پاریس، لەندەن، ئەڵمانیا، هەنگاریا).

1995-2004 بەشداری سەرجەم خولەکانی گەلەری زاموای کردووە.

2000-2004 بەشداری سەرجەم خولەکانی گەلەری دهۆکی کردووە.

www.hoshyar.nl
hoshyar@email.com



40 cm Bronz - 2012





20 x 20 cm 6 box acryl pen 2012



poort Gerbrandypark De klijne kamelon 350 x 1920 cm 2012



Karwan Qadr

کاروان قادر کابان

1968 لە سلێمانی لەدایکبووە.
1986 یەکەمین پیشانگەی تایبەتی لەهۆڵی مۆزەخانە سلێمانی.
1989 دووەمین پیشانگەی تایبەتی لەهۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی.
1994 سێیەمین پیشانگەی تایبەتی لەهۆڵی (سورکێو)ی شاری سلێمانی.
2002 چوارەمین پیشانگەی تایبەتی لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی.
2007 پێنجەمین پیشانگەی تایبەتی لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی.
2008 شەشەمین پیشانگەی تایبەتی لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی.
1986 2006 بەشداری (41) پیشانگەی هاوبەشی کردووە.
بەشداری سەرجەم خولەکانی گەلەری زاموای کردووە.





100x80 oil on canvas 2010





100x80 cm oil on canvac 2009





50-70cm oil on canvac 2005



Lana Serwan

لانە سیروان نوری

1984 لەشاری سلێمانی لەدایکبووە.
2004-2003 دبلوم لە پەیمانەگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی- بەشی شێوەکار.
2008 -2009 بەکالۆریۆس لە زانکۆی سلێمانی - بەشی ئینگلیزی .
2003 فیستیڤاڵی ساڵانەی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان.
2008 پیشانگەی پۆستەر بۆ سەرساڵ بە سەرپەرشتیاری بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری/بەشی شێوەکار.
2008 پیشانگەیەکی هاوبەشی بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری-بەشی شێوەکار لە ڕۆژی نەورۆزدا.
2008 پیشانگەیەکی هاوبەشی خانمان لە گەلەری تەوار.
2008 بەشداری لە پیشانگەی شێوەکاریی سلیمانی لە ئەمنە سوورەکە.
2009 پیشانگەی هاوبەش لە هەڵەبجە بە بۆنەی یادی کیمابارانی هەڵەبجە.
2009 پیشانگەی هاوبەش لە تەوار بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی ژنان.
2009 پیشانگەی هاوبەش لە ئەردەن.
2009 پیشانگەی هاوبەشی شێوەکارانی سلیمانی بە ناوی 78 شێوەکار لە هۆڵی نیشتمانی ئەمنە سوورەکە.
2010 پیشانگەی هاوبەشی شێوەکاران بە سەرپەرشتیاری سەنتەری ڕۆشنبیری هیوای نوێ لە شارەکانی دهۆک و هەولێر و سلێمانی.
2010 پیشانگەی هاوبەشی بەبۆنەی رۆژی جیهانی ژنان.
2011 پیشانگەی هاوبەش لەکەل 10 ژنە شێوەکاری کورد بەبۆنەی فیستیڤاڵی گوڵە مێخەک لە هۆڵی مۆزەخانە.
2012 پیشانگەی هاوبەش بەسەرپەرشتیاری بەرێوەبەرایەتی هونەری شێوەکاری سلێمانی.
فەرمانبەر لە بەڕێوەبەرایەتی هونەری شێوەکاری سلێمانی.



50X70cm Acryilc on canvas andaza: 2011





Oil on canvas 50x70- 2012





100X 70cm oil on canvas andaza 2011



nyan osman

نیان عوسمان محەمەدهەورامی

1977 لە شاروچکەی تەوێڵە لە دایکبووە.
1997 بەپلەی یەکەم بەشی نیگار کێشانی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی تەواو کردووە .
2003 بەپلەی زۆرباشە بەشی نیگار کێشانی لە کۆلیژی هونەر زانکۆی سلێمانی تەواو کردووە .
1993 پرۆژەی کاری سەربەست لە سەر چەند باڵە خانەیەکی دارماو لە شاری هەڵبجە (16-3) بە سەرپەرشتی هونەرمەند (مدحەت کاکەیی ).
1993 پیشانگەی (ئەستێرە رەشەکان) لە شاری سلێمانی هۆڵی مۆزەخانە.
1994 پیشانگەی (ئەستێرە رەشەکان ) لە ژاپۆن و سوید بە سەرپەرشتی هونەرمەند (مدحەت کاکەیی ).
1996 پرۆژەی کاری سەربەست لە سەر چەند شەقامێکی شاری هەولێر بە سەرپەرشتی هونەرمەند (مدحەت کاکەیی ).
1993 – 2010بەشداری لە (40) پیشانگەی هاوبەشدا کردووە لە (سلێمانی، هەولێر، ژاپۆن،لیل، دهۆک).
1995 -1997 فۆلکلۆرو کەلەپوری کورد هۆڵی سورکێو – سلێمانی .
1995 -2003 پیشانگەی خانمان هۆڵی ڕۆشنبیری .
1996 -2010 پیشانگەی ساڵانەی گەلەری زاموا .
2005 پڕۆژەی خۆری ڕەشپۆش.
2004- 2005 پڕۆژەی کۆڕاڵیک لە ڕەنگ.
2004 پیشانگەی بڵندە باران بۆ چەند ئافرەتێکی شێوەکار لە شاری (لیل –فەرەنسا).
2006-2010 گەلەری دهۆک.
2008 پیشانگەی هاوبەشی تەوار، یەکێتی ژنانی کوردستان- هۆڵی تەوار.
2008 پیشانگەی هاوبەشی چەند هونەرمەندیک لە ئیتالیا.
2008 پیشانگەی هاوبەشی چەند هونەرمەندێک لە هەولێر (دەزگای ئاراس).
2009 پیشانگەی هاوبەشی چەند هونەرمەندێکی دەرەوەو ناوەوەی وڵات لە گەلەری ئەمنە سورەکەی سلێمانی.
2009 پیشانگەی گەلەری تەوار بۆ 8ی مارس (رۆژی جیهانی ژنان).
2004-2010 پیشانگەی مامۆستایانی شێوەکار.
2009 پیشانگەی هاوبەشی گەلەری ڕانیە.
2009 گەلەری هەڵەبجە 40 شێوەکار لە 16ی ئازاردا.
2011 بڕوانامەی ماستەری لە زانکۆی سلێمانی، تەواوکرد، نامەی ماستەرەکەی بەناونیشانی (التحول التقنی فی اعمال الفنان ریبوار سعید).
2012 مامۆستایە لە کۆلیژی هونەری بنەڕەتی.





-100x70cm oil on canvas



100x70cm oil on canvas



.100x70cm oil on canvas



Osman Qader

عوسمان قادر

1962 لە سلێمانی لەدایکبووە.
1980-1985 دەرچووی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی.
2005 - 2007 بڕوانامەی ماستەر لەسەر هێڵکاری لە لەندەن
بەدەستهێناوە.
1988-1990 مامۆستای هونەر لە شاری سەقز لە کوردستانی ئێران
خوێندکاری دکتۆرا یە لەسەر جینۆسایدی کورد لە ڕێی هێڵکارییەوە.
2004 مۆزەخانەی نیشتیمانی شلێمانی ( ئەمنە سورەکە).
2004 گەلەری سنە شاری سەقز.
2004 گەلەری کۆمەڵەی فەرهەنگی شاری سەقز.
2002 گەلەری کوفە لە لەندەن.
1992 کوردستان هۆڵلەندەن.
1993 گەلەری کتێبخانەی ئێلین برادوایی لەندەن.
1994 گەلەری کتێبخانەی چیڵسی لەندەن.
1985 گەلەری سلێمانی.
1983 گەلەری مۆزەخانەی سلێمانی.
1980 پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانی.
2006-2007 پیشانگەی جیهانی دانیژگای لەندەن بۆ هونەر لە
کۆریای خواروو وە لەندەن.
پیشاندانی کارەکانم بە سلاید لە یادی ساڵڕۆژی ئەنفال و هەڵەبجە لە
18ی مارچی 2007 لەندەن.
گرتنی سیمینارێک لە دانیژگای لەندەن بۆ هونەر لەسەر جینۆسایدی
کورد ( ئەنفال) لەسەر شالاّوی ئەنفال 15ی مارچی 2007.
2006 هەڵبژاردنی یەکێک لە تابلۆکانم لەلایەن پرۆفیسۆر ستیڤن فێردین ەوە بۆ (تەیت بریتش گەلەری)و نمایشکردنی
لەگەڵ کارەکانی هونەرمەنی مەزنی بەریتانی ( وولیەم تێرنەر)دا.
http://www.tate.org.uk/britain/exhibitions/drawingfromturner/artists/ahmed.htm0
2003 گەلەری خۆرئاوای لەندەن.
2003 گەلەری پرۆتۆبیلۆ لە لەندەن.
1992 گەلەری وولسدن لە شارەوانی ولسدن و وەرگرتنی ڕێزلێنان.
1992 گەلەری گرنج ستزن دژ بە جەنگ.
1999 مەڵبەندی کوردی لە فەرەنسا پاریس.
1990 گەلەری دیمەشق لە سوریا.
1989 گەلەری ئازادی لە تاران.
1983 ڕۆما ئیتالیا.
1977 1978 پیشانگەی یانەی سیروان.



10 x 24 cm





220x180cm





10 x 24cm

رێبوار سەعید

1962 لە شاری تەوێڵە لەدایک بووە.

1997- کۆلێژی هونەری لەلەندەن تەواوکردووە.

1999- بڕوانامەی ماستەری لەدانیشتگای میدل سیکس وەرگرتووە.

2012 بڕوانامەی دکتۆرای لە دانیشگای میدل سیکس وەرگرتووە..

ئەندامی دەستەی نوسەرانی گۆڤاری کلتور بووە لە شاخ، سێ دیوانی هۆنراوە وێنەی بلاوکردۆتەوە لە ساڵەکانی 1986 ، 1998

1998، بەناوی ( ئاوا بون ، ئاژێر . پالێت) ، هەروەها بەشێک لە هۆنراوەو یاداشتەکانی بە فەرەنسی لە پاریس ساڵی 1996 بلاوبۆتەوە، ساڵی 1999 کتێبی وشەو ڕەنگی بە ئینگلیزی لە بەریتانیا بلاوکردۆتەوە .



Rebwar Saeed

سەرۆکی ڕێکخراوی هونەری ئارت ئین کۆمۆنە لە لەندەن، ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری ڕێکخراوی باڵندە بارانە لە فەرەنسا، ئەندامی هەمیشەیی ڕێکخراوی کلتوری میلیونیم ئەوەردە .

خاوەنی خەلاتی باشترین پرۆژەی هونەری ماستەرە لە دانیشگای میدل سیکس لە لەندەن ساڵی 1999 خاوەنی بروانامەی باشترین پرۆژە سەرکەوتوەکانی میلیۆنیم ئەوەردە ساڵی 2003 لە بەریتانیا .

1984- – 2009 خاوەنی 21 پیشانگەی تایبەتیە لە هەولێر، سەقز، وەترلۆ فەرەنسا، وازێم لیل فەرەنسا، مەڵبەندی ڕۆشنبیری کورد لە لەندەن، گەلەری ودگرین لەندەن، دۆڤران فەرەنسا، فیستیڤاڵی جیهانی شیعر بیوڤری فەرەنسا .، گەلەری فیبەیتی ئەمستردام هۆڵندا، گەلەری پیتسانگا لەندەن و گەلەری کویک کویک سلڤەر لەندەن، مۆنەمینتی هەڵەبجە، گەلەری هاکس بەربەگن هۆڵندا، گەلەری کۆمپۆیلان هۆڵندا، مەڵبەندی کلتوری بیوڤری فەرەنسا، مەڵبەندی کلتوری میریکورد فەرەنسا، مەڵبەندی کلتوری بیوڤری فەرەنسا، مەڵبەندی کلتوری میریکورد فەرەنسا، مەڵبەندی کلتوری مێری مادلین فەرەنسا، ماڵی شیعر شاری بیوڤری فەرەنسا، کتێبخانەی گشتی دوهینین بیومۆنت فەرەنسا، گەلەری کوفە لەندەن، گەلەری مەدبۆر گەرهاوسیت کۆبنهاگن، هەمەریسمس لەندەن، دولەلین فەرەنسا، گەلەری (ودگرین) لەلەندەن و بەشداری دووەمین فیستیڤاڵی فیلمی کوردی لەلەندەن، 2010-1983 بەشداری زیاتر لە (50)پیشانگەی هاوبەشدا کردووە لە (سلێمانی، هەولێر، تاران، پاریس، ئیسپانیا، لەندەن، کەنەدا، ئەمریکا، تۆکیۆ، پۆڵۆنیا).

پرۆژەکانی گروپی هونەری:

گروپی ئیدوارد، 1992- گەلەری فاشێ شۆمینسال-لیل-بانکی فەرەنسی ئەلبی فەرەنسا .

1988- گەلەری روبێ فەرەنسا .

پرۆژەی باڵندەباران، 1992- پرۆژەی باڵندەباران، ئەنستویتی کورد لەپاریس، سانت ئەندرێ، فەرەنسا .

1993- فیستیڤاڵی حیهانی شانۆی لیاگۆرا پۆڵۆنیا، ڤیڤات هۆڵی کلتوری ئارمینتیر فەرەنسا .

1994- فیستیڤاڵی چوارەمی باڵندەباران لەمۆزەخانەی بلندی ئەبیڤیل، مەڵبەندی کلتوری شاری ئوبی، فەرەنسا .

1995- هۆڵی سانت نیکۆلا، بەلجیکا، گراندەسینسە، فەرەنسا، مەڵبەندی کلتوری لیل، فیستیڤاڵی هوی فەرەنسا، مەڵبەندی کلتوری لیەژ، بەلجیکا فیستیڤاڵی کلتوری کاتوویچ پۆڵۆنیا، فیستیڤاڵی جون، لیل، کتێبخانەی مەرکەزی لۆس ئین گوال، مەڵبەندی کلتوری کۆندی سوخ لەئسکوت، فەرەنسا .

1996- پۆڵۆنیا ئەلووس ئین گۆهیلا دیاب فەرەنسا، برۆکسل، لۆکسمبۆرگ.

1997- شارەکانی (لیەش، سۆماگنی، ئارلۆن، مارچە، بەتجیکا، لەڤیلیت، پاریس).

1998- مەڵبەندی هونەری روبەی فەرەنسا شاری هوی بەلجیکا .

- 1999 مەڵبەندی هونەری برۆکسل.

2003- گەڕانەوەی پرۆژەی پێنج هەزار پۆرترێت بۆ پێنج هەزار قوربانی بۆ مۆنەمێنتی هەڵەبجە .

2004- هەفتەی هونەری نێوان چین و کوردستان لەشاری سلێمانی، پرۆژەی کۆڕاڵی ڕەنگ.

2005- پرۆژەی خۆری رەشپۆش بۆ ئەنفال.

2005- پرۆژەی باخچەی کوردستان لەئیتالیا.

بۆماوەی 4 ساڵە لەگەڵ شانۆی لیریکی هەمەرسمس لە لەندەن پرۆژەی بەردەوامی هونەری ڕێکدەخات لەگەڵ فیستڤاڵە جیهانییەکانی کاچ و پرۆژە هاوبەشەکانی ساڵی 2004 و 2005 کۆمپانیای شانۆی تیپۆی ئیتالی ، کۆرسی هونەری لە وڵاتانی ئێران ، فەرەنسا ، بەریتانیا ، پۆڵۆنیا ، نەمساو ئەمەریکا ، بۆ تەمەنە جیاوازەکان کردۆتەوە .





5000 portret 15x122 Acrylic on M DF 1994

Clay 2009-35 cmX35





anfal 20Mixed media 30X40cm



Rebwar Xaled

ڕێبوار  خالید تاهیر (ئەردەڵان)

1955- لە سلێمانی لەدایکبووە.
- 1976 سەرەتای کاری هونەری بووە.
- 1977-2011 خاوەنی سێ پیشانگەی تایبەتی و دەیان پیشانگەی هاوبەشە لە ناوەو دەرەوەی کوردستان.





50-70 cm akrelek on kanvas 2010





95x 120 cm acrylic on canvas.2011





95-120 akrelek on kanvas 2011



Saman Abwbakr

سامان ئەبوبەکر

1968- لە کەرکوک لەدایکبووە.
- 1990 پەیمانگەی تەکنیکی کەرکوکی تەواوکردووە.
- 1985 یەکەمین پیشانگەی تایبەتی لە هۆڵی دواناوەندی پیشەسازی کەرکوک.
- 1986 دووەمین پیشانگەی تایبەتی لە هۆڵی کەرکوک بۆ هونەری نوێ.
- 1990 سێیەم پیشانگەی تایبەتی لە هۆڵی کتێبخانەی پەیمانگەی هونەری کەرکوک.
- 2005 چوارەمین پیشانگەی تایبەتی لە هۆڵی قشڵە- کەرکوک- سلێمانی- هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی.
- 2009 پێنجەمین پیشانگەی تایبەتی لە هۆڵی نەورۆز لە کەرکوک.
- 1995-1997 بەشداری زۆربەی پیشانگەکانی لەسەر ئاستی عیراق کردووە.
- 1989-2009 بەشداری زۆربەی پیشانگەی شێوەکارانی کەرکوکی کردووە.
2005-2007- بەشداری خولەکانی گەلەری زاموای کردووە.
- زیاتر لە (20) بروانامەی ڕێزلێنانی پێبەخشراوە.
- ئەندامی نەقابەی هونەرمەندانی عیراق.
- ئەندامی ڕێکخراوی هونەرمەندانی کوردستانە.
* خاوەنی (20 ) بروانامەی ڕەزلێنانە.

E_mail: samanbaker@yahoo.com

Mubail: 07701303215






60x80cm oil on canvas.





60x80cm oil on canvas





60x80cm oil on canvas-



Sara Kamal

سارا کەمال محەمەد.

1983 لە سلێمانی لەدایکبووە.

2007- دەرچوی کۆلێژی هونەر – بەشی سیرامیک.

بەشداری فیستیڤاڵەکانی کۆلێژی هونەر.

2006- پیشانگەی ڕۆژی شەهیدان ناوەندی ڕوناکبیری شەهید ئارام.

2006- پیشانگەی ئەنفال ماڵێک لەڕەشپۆشی هێلێک لەسپێتی لە هۆڵی گەلەری ئارام.

2008- پیشانگەی سێیەمی کۆمەڵی مامۆستایانی شێوەکار.

2008- پیشانگەی مامۆستایانی هونەرمەندانی شێوەکار.

2010- پیشانگەی مامۆستایانی شێوەکار.

2010- پیشانگەی شێوەکاران سەنتەر ی ڕۆشنبیری هیوای نوێ.

2010-پیشانگەی پێنجەمی مامۆستایانی شێوەکار.

